www.asiacell.com
ئێستا هێڵێکی ئاسیاسێڵ بە 5 دۆلارو
5 دۆلاریش دیاریی لەگەڵدایە
دیارییەکە بەم جۆرەیە:
$1 دۆلار پاش کاراکردنی هێڵەکەت
$2 دۆلار پاش داخڵکردنی کارتی یەکەم
$2 دۆلاری تریش پاش داخڵکردنی کارتی دووەم
لەم هێڵە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە
ئاسیاسێڵ

هاوڵاتی
www.hawlati.info

ریکلام
مژدە مژدە
مژدە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید
کۆمپانیای (بەرێز) مژدە دەدات بە هاووڵاتییانی شاری هەڵەبجەی خۆشەویست پرۆژەی (گۆران ستی) کە بریتییە لە دروستکردنی (١٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون بەشێوەی وەبەرهێنان ئێستا لەبواری جێبەجێکردندایە.
بۆزانیاریی زیاتر پەیوەندییکەن بە کەمپی پرۆژەی گۆران لە (هەڵەبجەی شەهید- گەڕەکی عەبابەیلێ) یان بەم ژمارەتەلەفۆنانەوە: ٠٧٧٠١٤٤٠٢٠٥ یان ٠٧٥٠١١١٥٢٩٦ یان ٠٧٤٨٠٢٣٠٩٢٣

ژمارە (٤٢٩) یەکشەممە ٢٠٠٨/٦/٨ رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی ئەهلییە چاپخانەی رەنج دەریدەکات نرخ (٧٥٠) دینار تیراژ (١٢٠٠٠) دانە

وەزیری داد: دەزگای زانیاریی‌و پاراستن نایاسایین، داوا لەسەرۆکی یەکێتی‌و پارتی دەکەم دایانبخەن

تایبەت بە هاوڵاتی: لەسەر داوای لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان هەریەکە لەوەزیرەکانی مافی مرۆڤ و داد و ناوخۆ بانگهێشتکرێنە پەرلەمان بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو زیندانییانەی تائێستا بەبێ فەرمانی دادگا و حکومدان لەزینداندان، وەزیری دادیش داوای داخستنی دەزگای زانیاریی و پاراستن دەکات.

زانا سەعید رۆستایی ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "ئەو وەزیرانە لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤەوە بانگ دەکرێن، دەمانەوێت رێوشوێنێکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردن، ئەو کەسانەی کەماوەیەکی زۆرە لەزیندانەکاندا ماونەتەوە بەبێ دادگاییکردن، کەئەمەش کارێکی نایاساییە و پێویستە ئەو کەسانە کێشەکانیان یەکلابکرێتەوە و دادگایی بکرێن ئەگەر شتیان لەسەرە، ئەگەر نا پێویستە ئازاد بکرێن".

فاروق جەمیل وەزیری داد وتی "هەموو کەسێك مافی خۆیەتی کێشەکەی بەیاسا یەکلابکرێتەوە ئەگەر تاوانبار بێت یان بەتۆمەتی تاوان دەستگیرکرابێت، کە بانگیش کراینە پەرلەمان هەر هەمان هەڵوێستم دەبێت، چونکە ئێمە پێویستمان بەوەیە یاسا لەم وڵاتەدا سەروەر بێت".

دەربارەی ئەوەی لەلایەن دەزگای زانیاریی و پاراستنی یەکێتی و پارتییەوە زیندانییان لایە و تاکو ئێستا دادگایی نەکراون، فاروق جەمیل وتی "هەتاکو ئەو دوو دەزگایە هەبێت لەکوردستاندا ناتوانین بڵێین کە کار بۆ ئەوە دەکەین یاسا سەروەر بێت، چونکە دوو دەزگای حیزبین‌و ئێستا حکومەت‌و ئاسایشمان هەیە کەپاراستنی ئارامی وڵاتی لەئەستۆدایە، لەرێگەی رۆژنامەکەتانەوە داوا لە سەرۆکی یەکێتی‌و پارتی دەکەم کە ئەو دوو دەزگایە دابخەن، چونکە نایاساین".

حکومەت کەمتەرخەمە لە هێنانەوەی تەرمی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال

تایبەت بەهاوڵاتی: جوتیارێکی عەرەب لەباشوری عێراق بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی لە بوونی چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەکەیان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی هەرێم تا ئێستا هەوڵێکی جدییان بۆ هەڵدانەوەو پشکنین و گەڕانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە نەکردووە.

نزیکەی ٤٠ گۆڕی بەکۆمەڵ کە هی کوردە ئەنفالکراوەکانی کوردستانن لە باشوری عێراق دۆزراونەتەوە، بەڵام تەنها گۆڕی بارزانییەکان‌و هەندێکی تر گەڕێنراونەتەوە بۆ کوردستان.

دوای ئەوەی ناوەندی چاك (چاك نیوز) **هاوڵاتی**یان ئاگادارکردەوە کە چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەباشوری عێراق هەیە **هاوڵاتی** بەدواداچوونی لەوبارەیەوە کرد، عەبدولحسەین عەبدولزەهرە ئەلغەزالی یەکێکە لەکەسایەتییەکانی عەشیرەتی غەزالی لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "من ساڵونیوێك پێش ئێستا لەگەڵ مامۆستا سەیفەدین بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی لە سلێمانی قسەمکردووە، وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانم بەسیدی داوەتە مامۆستا سەیفەدین، بۆ ئەوەی بێن ئەو گۆڕانە بپشکنن و تەرمەکان بگەڕێننەوە بۆ کوردستان".

وتیشی "نزیکەی پێنج مانگ زیاترە وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانمان ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام وتویەتی ئەوە ئیشی وەزارەتی مافی مرۆڤە".

چنار سەعد وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "ئێمە ئاگاداری ئەو گۆڕانەین، بەڵام تیمی پیسپۆڕو شارەزاو لێکۆڵەری دەوێت، هەروەها باری ئەمنی ئەو ناوچانە رێگەمان نادات ئەوگۆڕانە هەڵدەینەوەو تەرمەکان بهێنینەوە بۆ کوردستان".

لەلایەکی ترەوە مامۆستا سەیفەدین بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی لە سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "لەگەڵ رێزمدا بۆ رای ئەو وەزیرە، ئەو ناوچانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لێیە ئارامەو تەنها پۆلیسی ناوچەکە دەتوانێت ئاسایشی ئەو تیمە بپارێزێت". لەژمارەی داهاتوودا بەدواداچوونێك لەسەر شوێنی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەو رای لایەنە پەیوەندییەدارەکان دەخوێنیتەوە.

یەکێك لە گۆڕە بەکۆمەڵە دۆزراوەکان

گومان دەکرێت پەرلەمانتارێك دەستی لەکوشتنی ژنێکدا هەبێت

تایبەت بەهاوڵاتی: گوماندەکرێت ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەستی لەکوشتنی ژنێکدا هەبێت کە برازایەتی بە پاساوی پاراستنی شەرەف و ناموسپەرستی، دوای ئەوەی ژنە خۆی تەسلیمی پۆلیس و سەنتەری پاراستنی ئافرەتان کردبوو، لەسەر داوای ئەو پەرلەمانتارە تەسلیمکرابووەوە بەماڵی باوکی، بەڵام دواتر کوژرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی " رۆژی ٥/٢١ شێخەڵا ئیبراهیم شێخەڵا (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان) کە دەکاتە مامی ژنەکە و کەسوکارەکەی هەستاون بەکوشتنی (گ.ا.ا)، بەهۆی ئەوەی گومانی لێکراوە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسێکی تردا هەبوبێت".

سەرچاوەکە وتی " ئەو ژنە پاش مردنی مێردەکەی لە ماڵی خەزووری دەژیا لەگەڕەکێکی شاری هەولێر، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر لەمردنی مێردەکەی سکی پڕ دەبێت‌و لەرۆژی ٥/١٠ منداڵی ئەبێ لە نەخۆشخانەی لەدایك بوون، دوای منداڵ بوونەکە ئەو ژنە یەکسەر خۆی تەسلیمی پۆلیس ئەکات و لەلایەن پۆلیسەوە ئەگوازرێتەوە بۆسەنتەرێکی پاراستنی ئافرەتان".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەسەر داوای ئەو پەرلەمانتارەو بەبڕیاری دادوەر ژنەکە گەڕێنراوەتەوە بۆ ماڵی باوکی بە ناوی سوڵحی عەشایەرییەوە، بەڵام پاش چەند رۆژێك لە رۆژهەڵاتی قوشتەپەی نزیك هەولێر خۆی‌و منداڵەکەی کە کچ بووە کوژراون.

سەرچاوەکە وتی "دوای رووداوی کوشتنەکە پۆلیس باوکی ژنەکە دەستگیردەکات".

هاوڵاتی پەیوەندی کرد بە بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوە، بەڵام ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد زانیارییەکانی ئەو دۆسیەیە لای بەرێوەبەرێتی پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتانە.

بەرێوەبەری پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد تەنها وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت لەسەر ئەو کێشەیە زانیاری بدات.

هاوڵاتی هەوڵیدا وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ وەربگرێت، بەڵام پەیوەندییەکە دروستنەبوو.

هەر لەوبارەیەوە شێخەڵا ئیبراهیم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی "من هیچ لێدوانێك لەوبارەیەوە نادەم".

تاریق سارمەمی راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "ئەگەر دادگا بەڵگەو دیکۆمێنێت بخاتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ هەڵگرتنی حەسانە لەسەر ئەو پەرلەمانتارە، دواتر سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری خۆی دەدات".

بڕیارە زەحمەتکێشان ١٠٠ پارچە زەوی وەربگرێت

پ.هاوڵاتی: دوای کۆبوونەوەیەکی سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لایەن نێچیرڤان بارزانییەوە بڕیار دەردرێت بودجەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان زیاد بکرێت و ١٠٠ پارچە زەویشیان پێبدرێت.

پاش ئەوەی کە لە ماوەی رابردوودا قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەیەکیان سازدا، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بودجەی زەحمەتکێشان زیاد بکرێت و ١٠٠ پارچە زەوی بدرێت بەو حیزبە.

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان وتی "کۆبوونەوەکان ئیجابی بوون و ئەم بڕیارە زیاتر لەبەر ئەوەبووە کە کاتی خۆی بارەگاکانمان دەستی بەسەردا گیراوە و هیچ قەرەبوویەك نەکراوینەتەوە، بۆ ئەومەبەستەش داوامان لە سەرۆکایەتیی حکومەت کردوە و بڕیار وایە ١٠٠ پارچە زەویمان پێبدرێت لەبری ئەو زەوییانەی کە کاتی خۆی بڕیارە بووە پێشمەرگەکانی حیزبی زەحمەتکێشان وەریبگرن، پێشتریش بڕیار بووە ١٥٠٠مەتر زەویمان لەبری بارەگای مەکتەبی سیاسی بۆ دابینبکرێت و ئیمکاناتی دروستکردنی بیناکەشمان بدەنێ، بەڵام تاکو ئێستا نەبووە".

چەند بەرپرسێکی پێشمەرگە لەسەر ساختەکاریی دەستگیرکران

نا: نارا ئیبراهیم: دوای ئەوەی چەند بەرپرسێکی سوپای گەرمیانی پارتی ساختەکارییان کردبوو بۆ وەرگرتنی زەوی و لەرۆژنامەی **هاوڵاتی** بڵاوکرایەوە بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم فەرماندەی سوپای گەرمیان و حەوت بەرپرسی تر دەستگیرکران.

ئەنوەر حاجی عوسمان جێگری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە وتی"ئەو هەشت کەسە بەرپرسیارییەتیان هەیە لەناو فەرماندەیی پارتیدا، بەهۆی کاری ساختەکارییەوە سکاڵایان لەسەر بوو لەلایەن هاوڵاتییانەوە، کاك مەسعود بارزانیش کەبەمەی زانی فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردن و لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کەکاری ساختەکارییان بەرامبەر بەهاوڵاتییان کردووەو دانیان پێداناوە".

دوای ئەوەی **هاوڵاتی** بەچەند ژمارەیەك هەواڵ و بەدواداچوونی لەسەر ئەو ساختەکارییانە بڵاوکردەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دەرکرا.

شەهرستانی حکومەتی هەرێم لە نەدانی سوتەمەنی بەخەڵك تۆمەتبار دەکات

نا: سامان حەمە کەریم: حسەین شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق لەبەردەم پەرلەمانی عێراقدا رایگەیاند رۆژانە بەشە سوتەمەنی هەرێمی کوردستان وەك هەر پارێزگایەکی تر رەوانە دەکەن، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەرپرسن لەدابەشنەکردنی ئەو سوتەمەنییە بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

سامی ئەتروشی ئەندامی پەرلەمانی عێراق وتی" دوێنێ ٦/٧ وەزیری نەوت بانگراوەتە پەرلەمان، لەو دانیشتنەدا پەرلەمانتارە کوردەکان لێیان پرسیوە کە بۆچی بەشە سوتەمەنی هەرێم کەمە، بەڵام شەهرستانی وتی رۆژانە بەشی هەرێمی کوردستان وەك بەشی شارەکانی تر رەوانە دەکرێت‌و هەرشارێکی هەرێمی کوردستان رۆژانە بۆ هەریەکە لە بەنزین‌و نەوتی سپی‌و گازوایل بری ٤٥٠ بۆ ٥٠٠ هەزار لیتر رەوانە دەکرێت، بەڵام بۆ دابەش ناکرێت ئەوەیان پەیوەندی بە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە".

چوارحیزبەکە بێمنەتن لەبەشداریکردن لەحکومەت
ل٤

سیروان کاوسی:"کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، ئەو سەد هەزار چەکدارەی هەیانە، بۆ پاراستنی بنکەو بارەگاو خانووەکانی خۆیان رایانگرتوون"
ل٥

"هەموو دیاردە ئابوورییەکانی کوردستان لەژێر ئەو پێناسەیەی گەندەڵیدا جێگەیان دەبێتەوە کە رێکخراوە جیهانییەکان دایاناوە" ل٧


سووری مانگانە.. سووری خۆکوشتنی ژنان
ل٨

لەکوردستان پیلاو لەناو جامخانەدایە، بەڵام گۆشت لەدەرەوەو لەبەر تەپوتۆزدا هەڵدەواسرێت
ل٩

گۆڕینی راگرو سەرۆك زانکۆکان کارێکی رەوایە، بەمەرجێك بەدیلەکە خاوەن ئەزموون و بەتواناتربێت ل١٢

عارف کەریم: "دیراسەیەکم نووسی لەسەر شۆڕشی دیموکراتی نوێ بەناوی (شۆڕشی نوێی گەل) ناردم بۆ شەهید ئارام کە لە رۆژنامەی هاوکاری کاریدەکرد"
ل١٨